واشنتۆن هێزە سەربازییەکانی لەسوریا کەمدەکاتەوە و تەنها یەك بنکە دەهێڵێتەوە

تۆماس باراك نوێنەری ئەمریکا لە سوریا، ئەمڕۆ سەشەممە ئاشکرایکرد، ئەمریکا دەستیکردووە بە کەمکردنەوەی ئامادەیی سەربازی خۆی لەسەر خاکی سوریا و تەنها یەك بنکە دەهێڵێتەوە.

تۆماس باراك رایگەیاند، "بنکەکانمان لە هەشت بنکە کەمکردەوە بە پێنج، پاشان سێ بنکە و پێدەچێت تەنها یەك بنکە لە سوریا بهێڵینەوە.

ئەم لێدوانە هاوکات بو لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن ڕوانگەی سوری بە مافەکانی مرۆڤ پشتڕاستکراونەتەوە، سەبارەت بە کشانەوەی لەناکاوی هێزەکانی ئەمریکا لە دو بنکەی ستراتیژی لە پارێزگای دێرەزێری ڕۆژهەڵاتی سوریا، بەتایبەتی کێڵگەی نەوتی عومەر و کێڵگەی غازی کۆنۆکە.

بەگوێرەی ڕوانگەی سوریا بە مافەکانی مرۆڤ، هێزەکانی ئەمریکا لە 18ی (ئایار/5) وردە وردە دەستیان بە کشانەوە لەو پێگانە کردوە، پێش ئەوەی لە ماوەی دو ڕۆژی ڕابردودا خرایی

کشانەوەیان خراتر بکەن.

کاروانەکانی ئەمریکا لە زرپێش و کەرەستەی قورس و لۆجستیك لە هەردو بنکەکە بینران، هاوکات هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بەخرایی یەکە تایبەتەکانی کەماندیان بە پاراستنی شوێنە چۆکراوەکان جێگیرکرد.